# نیکۆلای گۆگۆڵ 1809 -1852

## ئوستادی خەنین لەڕوانگەی فرمێسکەوە

بەشی دووەم



**بەکوردی کردنی/خاڵە بەکر**

چەوساندوێتیەوو لێی نابێتەوە،لەهەموو ئان و ساتێکدا آکاکی لەبەر دەمی بۆرە فەرمانبەردا قووت دەبێتەوەو آکاکی لێی دەکەوێتە گللەیی و گازندەو ئەو ڕۆژانەی دەهێنێتەوە یاد کەچۆن بەدەستێوە چەوساوەتەوەو ناڵانوێتی و توشی دەردەسەری و چەرمەسەری کردوە،لەم ڕوانگەو ئاقارەوە گۆگۆڵ بۆ ئەوەمەمان کێش دەکات کە لەو دەمەدا چەند بلیمەتانە مامەڵەی لەتەک واقعێکی کەم وێنەدا کردوە سەبارەت بە لەدوای مردنی(آکاکی)یش وەهەروەها(آکاکی) کردوە بەهێمای هاوڵاتیەکی ژێردەستەوبەشمەینەت و چەوساوەی ئازار چێشتوی بن سیستەمو دەسەڵاتی قەیسەر کەلەدوا ساتەکانی ژیان و مردنیشیا دەستی بەهیچ ناگات و هیچیشی لەپاش جێ نامێنێ و هاوشێوەی (آکاکی) بەبێ وەچە سەردەنێتەوەو هەموو میراتێکەشی لەژورەکەیدا بریتی بوون لە چەپکێک شاپەڕی ڕەنگاوڕەنگی مراوی،دوو بەند پەڕەی سپی خورشیدی،سێ جووت گۆرەوی،دووسێ قۆپچەی پانتۆڵ،لەتەک ئەو دەستەجلەی کەڕۆژانە دەیپۆشی.

تەرمەکەی آکاکی بەرەو دوانزرگە بەڕێکراو بەخاک سپێردرا(پترسبۆرگ)یش تیانەژیانی( آکاکی اکاکیفیج)ی پێوە دیار بوو،هەر وەکو ئەوەی لەژیانیدا تیایدا نەژیابێت،هەر وەکو کەسێک سەری خۆی هەڵگرتبیت و کەسێکیش نەبێت بیپاریزێت و بیلاوێنیت،هەر وەکو کەسێک کەکەس نەیناسێت و گرنگی پێ نەدات و خۆشی نەوێت،تەنانەت فەرامۆش بوونی سروشتیشی پێوە دیار بوو،چونکە ڕۆژێک لەڕۆژان لێکۆڵەرەوانی زیندەوەر زانییش نەیانخستە خانەی مێشێکەوە تاوەکو بەمایکرسکۆپ سەیرێکی بکەن،هەمیشە گیان لەبەرو بونەوەرێکی مل کەچ بوو سوکایەتی پێکردنی فەرمانبەرەکانی ئەم فەرمانگەو ئەو فەرمانگە باری شانیان قورس کردبوو بەبێ ئەوەی وادەی مەرگیشی بێت گۆڕ باوەشی بۆ ئاوەڵاکردو هەموو سوێکانی ژیان و سوێی پاڵتۆکەشی لەتەک خۆیا نایە ژێر گڵ.

جا،لەروانگەی ئەم تابلۆ بێ هاوتا هونەریەوە دەڕوانینەگۆگۆڵ کەچۆن بەخامەی هزر وێنەی کەسایەتیەکی چەوساوەو ژێر دەستەی هەڵقوڵاوی چینێکی بۆ کیشاوین،لەتەک ئەوەشدا وێنەی کەسایەتیەکی دیکەشمان بۆ دەکێشیت کەئەویش بریتیە لەو فەرمانبەرە بیرۆکراتەی کە هەردەم داواکارێکەی آکاکی پشت گوێ خستوەو هەردەم سوکایەتی پێ کردوە،تائەو دۆخەی تووشی نەخۆشی کردوەو نەخۆشیەکەش آکاکی ڕاپێچی مردن کردوە،ئەوەی لێرەدا گرنگەو لەدووتوێی ئاخافتنەکانی گۆگۆڵ دا بەدیار دەکەوێ کەچۆن آکاکی وەدواداچونی دزینی پاڵتۆتازەکەی فەرامۆش نەکردوەو بەهەموو شێوەیەک هەوڵ و کۆششی بێ وچانی داوە تاوەکو بۆی بدۆزرێتەوەو چنگی بکەوێتەوە بەم شێوەیە لەبارەیەوە ئەدوێت..(هاو خەم و هاوسۆزیکی آکاکی هاتە سەر ئەو بڕوایەی کەچیتر پشت نەکاتە آکاکی آکاکیفیج و هاوکاریەکی مەردانەی بکات و ئامۆژگاری بکات بەوەی چیتر دوای کڵاوی بابردوو نەکەوێت و لەپیناو ئەو مەبەستەدا کۆڵ بدات و هاتوچۆکردنی بنکەی پۆلیسیش فەرامۆش بکات لەبەر ئەوەی نەبا بنکەی پۆلیس سەرووخۆیان بۆ ئەو مەبەستە ئاگادار بکەنەوەو لیپرساوی

پۆلیسیش فەرمایشت بدات کەبەدوادا چوون بۆ دزینی پاڵتۆکەت بکرێت و بیدۆزنەوەو ئەو دەمەش پاڵتۆکە لەبنکەی پۆلیس دەستی بەسەردا دەگیرێت و دەستت لەهەمبانە دەبێتەوە چونکە جەنابت هیچ بەڵگەیەکی یاسایی و هیچ بەلگەیەکی خۆییشت بەدەستەوە نیە تاوەکو بیسەلمینیت کەئەو پاڵتۆیە مافی تۆی پێوەیە،جا من وای بەباش ئەزانم کەهانا بۆ کەسێکی خاوەن جەخت و دەنگۆو دەسەڵات و دەست ڕۆیشتوبەریت،لەهەمان کاتیشدا ئەو کەسە خاوەن دەنگۆوجەخت و دەست ڕۆیشتوە لەڕێگەی خۆیەوە پەیوەندیەکی پتەو بکات بەکەسێکی ترەوە کەلەخۆی خاوەن دەسەڵاترو جەختترو دەنگۆترو دەست ڕۆیشتوتر بیت تاوەکو هاریکاریت بکەن و بەڵکو ئەمە خوا هەوڵ و کۆشش و تەقەلاکەت نیشان بپێکێ و لەم ڕێگەیەوە بەپالتۆکەت شاوشوکربیتەوە،لەهەموشی سەیرتر آکاکی لەخۆی زیاتر کەسی تری نەدەناسی و دنیای لێ هاتبۆوە یەک و دۆش دامابوو نەی دەزانی لەپێناو ئەو مەبەستەدا هانا بۆ کێ بەرێ،پاشان آکاکی بریاری دا هانا بۆ کەسایەتیەک بەرێت کەئەو مواسەفاتانەی لەخۆگرتبێت،لێ ئەو کەسایەتیە کێیەو پلەی چیەو تا چ ڕێژەیەک خاوەن جەخت و دەسەڵات و دەست ڕۆیشتوە ئەوە تەنها آکاکی خۆی دەیزانێ،پاش سۆراخ کردن ئەو کەسایەتیەی کە آکاکی لەهزری خۆیدا هانای بۆ بەرێت و دەست نیشانی کردبوو تڕۆکراوەو هیچ جەخت و دەسەڵاتێکی نەماوە،وەهەر وەها لەسەر کارو فەرمانێکی زۆر ساناو ئاسایی دانراوەو دەستیشی لەکەروێشک کورتترە بەپێچەوانەی هاوەڵەکانێوە کەناتوانێت بەهیچ شێوەیەک تەنها سوکە تەکلیفێکیشیان لێ بکات،لێ بێ گومان ئەمە سونەتی ژیانە چونکە کۆ گەلیک هەن لەگۆڕەپانەکەدا لەکاروفەرمانەکانیانا هەڵبەزودابەز ئەکەن،ئەوانەش کەکاروفەرمانێکی گرینگ وئەوتۆیان لەئەستۆدا نیە زیاتر شارەزاترو بەتواناترن وەک لەوانەی کەلەئاستی کاروفەرمانێکی پلەداردان و هڕی لەبڕی جیاناکەنەوە،ئەمانە هەموی واقیعێکەو وەکو کرم مێشکی آکاکی خواردوەو هەمیشە لەگەڵ ئەو بیرو تێڕوانینانەدا ئەژێتو سەرتاپا لەهەڵسوکەوتەکانیدا ڕەنگ دەداتەوە،بەتایبەتی ئەو کەسانەی کەشایستەی هیچ شتێک نین لەژیانداو گوێزیشیان لێبنێیت خڕەی نایەت بەشێوەیەک دەگەیتە کنیان توشی سەد دەردەسەری دەبیت،لەهەموشی سەیرترو ناخۆشتر ئەو دەمەی فەرمانبەرێکی پلە نزم یەکێک لەو پلەداری ناپلەدارانە سودفە بکات لەدەرەوەی ئۆفیسەکەی خۆیدا وەیان لەسهر پێپلیکانەکاندا،ئەوە بێ یەکودوو هەر لەخۆتەوە دەبێت مەودای تێپەڕبوونی بۆ فروان بکەیت و خۆشت لەبەردەمیدا بنوشتێنیتەوە ئەمە سەرەڕای ئەوەی چەندین فەرمانی توندوتیژیشی دەرکردوە کەکەس نەتوانێت بەئاسانی بگاتە لای،بەتایبەتی گەر بێتو سکاڵانامەکەت ئاڕاستەکراوی پارێزگار بێت،یەکەم دەبێت ئەرزوحاڵەکە بدەیتە دەست سکرتێر،سکرتێریش بیداتە دەست یاریدەدەری راوێژکار،یاریدەدەری ڕاوێژکاریش بیداتە دەست ڕاوێژکار تاوەکو بەم چەشنە دەگاتە دەست جەنابی پارێزگار،ئەمە جگە لەوەی کەهەندێک جار بەهەوەس و ئارەزوو سکاڵاکەت پشت گوێ دەخەن و چ قورەتیشە بتوانیت فزە بکەیت و سۆراخی بکەیت.

بەڵێ بەم چەشن و شێوەیە لەڕوسیای پیاوچاکان و پیرۆزدا کاروفەرمانەکان بەڕێوە دەچوون و کەس نەمابوو تووشی لاسایی کردنەوەی لێپرسراوەکەی نەبێت و بەهەمان هەڵسوکەوت و کردەوەی لێپرسراوەکەی مامەڵەو بەربەرەکانی لەتەک دەورو پشتەکەیدا نەکات.هەر وەک دەگێڕنەوەو باس دەکەن  کاتێک یاریدەدەری ڕاوێژکارێک دادەمەزرێت و دەبێتە بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتیەکی چەپەکوهاکەزایی، ژوورەکەی خۆی دوور لەکارمەندەکان جیادەکاتەوەو نێوی ژووری بەڕێوەبەرایەتی پیا هەڵدەواسێت و لەبەردەم ژوورەکەشیدا هەندێ خزمەتگوزاری یەخەسوور ڕادەگرێت تاوەکو خۆیان دەسکی دەرگاگە بابدەن بۆ کەسانی دیدەن خوازو هەرخۆشیان دەسکی دەرگاکە لەپاش هاتنەدەرەوەیاندا ڕاکێشنەوە،وەک ئەوەی کەس نەزانێت داخۆ ئەو ژوورە جگە بەمێزێکی ڕەق و تەق بەچی ڕازابێتەوەو بەڕێوەبەریش چ هەیبەت و شانوشکۆیەی هەبێت وا بەم شێوەو نەریتە دیدەنخوازان مامەڵەیان لەتەکدا دەکات و بۆچی هێندەش گیرو تونوتیژوو هیچ لەبارانەبووە،وەهەردەم لەکۆتایی ئاخافتندا بەشێوەیەکی سەرنج ڕاکێش لەبەرامبەرەکی ڕادەما بەبێ ئەوەی لەپشت ئەو تێڕامانەوە هیچ مەبەستێکی تایبەتی هەبێت و هیچ هۆکارێکیش شک ببات کەبەو شێوەیە مامەڵە دەکات جگە لەو مەبەستە نەبێت کەدەیویست سەرجەم فەرمانبەرەکانی فرمانگەکە هەمیشە لەترس و دڵەڕاوکەدابن گەر هاتوو جەنابی بەڕێوەبەر بەبەردەم هەر ژورێکدا تێپەڕی و هەڵوەستەیەکی کردو بەتیلەی چاو راونیە فەرمانبەرەکە پێویستە لەو کاتەدا کاروفەرمانەکەی بن دەستی فەرامۆش بکات و بەرزەپێ دەست لەسەر سینگ بوەستێت تاوەکو جەنابی بەڕێوەبەر بەردەم

ژورەکە جێدەهێڵێت ئەمە سەرەڕای ئەوەی سودفەی هەر کەسێکی بکردایە بەلووت بەرزیەوە قسەی لەگەل ئەکردو هەمیشەش سێ زاراوەی حازر بەدەستی بەرەورووی بەرامبەردا فڕێ ئەداو بەجێی دەهێشت،زاراوەکانیش بریتی بوون لە "چۆن زات ئەکەیت و ئەوێریت" تۆ ئەزانیت لەگەڵ کێدا قسە ئەکەیت"ئەزانیت بەرامبەر کێ ڕاوەستاویت".

بەم شێوەیە ئەم چیرۆکە بوو بەبناغەیەکی پتەوی ئەدەبی واقعی بۆ وێژەوان و نوسەرانی نەوەی نوێی ڕوسیا بەتایبەتی لەلای واقیعخوازەکان لەبەر ئەوەی ئەم شێوە تەرزە چیرۆکانە تەژیە لەچۆنێتی مامەڵەکردن لەتەک خواست و وویستەکانی مرۆڤایەتیدا وەهەروەها هاندانی مرۆڤایەتیە لەهەمبەر ئەوەی کەئەو ڕق کینەو وەڕسی و تورەیی و نایەکسانیە هاندەرێک بێت بەرەو هەڵگیرسان و بەرپا بوونی شۆڕش راپێچیان بکات و سۆزێکی بەهێزو پتەویش بیانبەستێتەوە بەچەوساوەو بەش مەینەت و ماف خوراوەکانەوە لەبەر ئەوە ئەم پرچەکردارەش بوو بەپاساوێکی گەلێک بەهێز لەلای"یرمیلۆف"ی ڕەخنەگری هاوچەرخی سۆڤێتی کەلەکتێبەکەیدا"بلیمەتی گۆگۆڵ" "عبقریە غوغول" گوزارشت لەوە دەکات و دەڵێت: لێوان لێوە لەتووڕە بوون و هەڵچوون،تەژیە لەئازارو دەردەسەری و مەینەتی چونکە ئەم پاڵتۆ ساکارە یەخە خوریە هەرزان بەهایە بووە هۆی دەست نیشان کردنی ژیان و مردنی مرۆڤێک.

گۆگۆڵ لەبەشی یەکەمی ڕۆمانەکەیدا"ڕۆحە مردۆکان"بلیمەتانە وێنەی ژینگەی دەرەبەگایەتی کشتوکاڵیمان بۆ وەسف دەکات هەر لەستەم وزۆرداریەوە تاوەکو ئەوپەڕی بێ سەروبەرەیی و گەندەڵی لەنیو دامودەزگا حکومیکانی دەوڵەتدا.بەشێوەیەک لەوبارەیەوە ئەدویت و وێنەکانیمان بۆ دەکێشێت و دەیخاتە بەر چاومان هێندە تەژیە لەگاڵتەجاری کەخوینەر زۆر بەسانایی هەست بەکەموکوریەکان بکات و زۆربلیمەتانە دەست نیشانی کەسایەتیەکانی کردوە کەبەچ شێوەیەک مامەڵە لەتەک هاوڵاتیاندا دەکەن و خاوەنی چ بەهاو کەسایەتیەکی قێزەونن لەکۆمەلگادا،وەلەم ڕوانگەیەوە ئەو دەمەی"پۆشکین" ئەم بەشی یەکەمی ڕۆمانە دەخوێنێتەوە کتوپڕ لەبەر خۆیەوە هاوار دەکات و دەڵێت،(ئەی هاوار خودایە لە چ وڵاتێکی غەمگین و بێ سەروبەرەدا ژیان بەڕێ دەکەین.. خەڵکینە تۆ بڵێی ئەمە ڕوسیا بێت!) پاشان ووتی:گۆگۆڵ لەخۆڕاو سانایا ئەم داهێنانەی دانەهێناوە بەڵکو ئەمە چمکێکە لەخەروارێک ئەمە راستیەکی زۆر ترسناک و توقێنەرو ویژدان هەژێنە زۆر ساکارو ڕوکەشانە لەبارەیەوە دواوە.

گۆگۆڵ پاڵەوانی ڕۆمانەکەی "جیجکۆف" لە ژینگەی گوندێکی ڕوسی و شارێکی ڕوسیای قەیسەردا نیشان ئەدات و هەڵسوکەوتی لەتەکدا ئەکات "جیجکۆف" هەموو هەوڵ و کۆشش و تەقەلایەکی ئەوەیە کەمردوو لەکۆیلەکان بکڕێتەوەو بەناوی خۆیەوە تۆماریان بکات تاوەکو ڕێگایەکی یاسایی بگرێتە خۆو بەم شێوەیەش ببێتە یەکێک لەو دەرەبەگو خاوەن موڵکانەی کەبەهۆی ئەم کڕینەوەیەوە توانای داواکردنی پارەو قەرزی هەبێت لەدەولەت.لەڕوانگەی ئەم شێوە تەرزە ناساندنەشەوە ئەو دەمەی خوینەر هزرو ئەندێشەی خۆی ئاوێتەی ڕۆمانەکە دەکات بەشێوەیەکی واقعیانە دەمودەست و بێ پێچوپەنا زۆر بەووردی بارودۆخی دەرەبەگەکانی ڕوسیای قەیسەری سەدەی نۆزدەهەمینی وەک واقیعێکی زیندو لەلا دەخەملێت و هەڵسوکەوت و مامەڵەکردن و دەمودووی فەرمانبەرەکانی ڕوسیای قەیسەر(مانیلۆف و کاروبیجا و نازدرۆف) لەهزری خوێنەردا وەک واقیعێکی تاڵی ئەو سەردەمە هەمیشە لەیاد ناکرێت تا هەنوکەش ئەو شێوە هەڵسوکەوت و مامەڵانەش لەواقیعی ئەمرۆماندا زیندوەو لەگەلێ شوێنی جیاجیادا وەبەر چاو دەکەون و لەبەر هەندێ ئەو تەرزە ڕۆمانانە ناخرێنە تای وەبیرچوونەوە،لەم ڕوانگەیەشەوە هەردوو توێژەر" شرارەو یونس راستگۆیانە شەن و کەوی ئەم ڕۆمانەیان کردوەو گەیشتونەتە ئەو ئەنجامەی کەبڵێن:بەراستی گۆگۆڵ لێفەی لەبن بەرە دەرهێناوە ئەو پەردەیەش دادەماڵێت کەچۆن فەرمانبەرەکان و دەرەبەگ و موڵکدارەکان خۆیان لەپشتیەوە مەلاس دابوو،وەبەشێوەیەکی زۆر واقیعیانە ئەو چینە دەسەڵاتارەمان پێ دەناسێنێت کەبەچ شێوەیەک خەڵکانی ستەمدیدەو ژێردەستەو بەشمەینەتیان ئەچەوسانەوەو کردبویانن بەکۆیلەی خۆیان،ئەمە جگە لەوەی کەهەردوو توێژەر بەئاشکرا هەست بەخەم و بەئێش و ئازارو ئەوپەڕی رادەی خۆشەویستی گۆگۆڵ دەکەن لەئاست ئەو ستەمەی کەدانیشتوانی ڕوسیا پێوەی دەناڵێنن و تا چ ڕادەیەکیش خەمخۆری وولاتەکەیەتی،هەر وەک لەڕۆمانەکەدا پەیی پێ دەبەین کەچۆن سۆزدارانەو ڕاستەوخۆو واقیعیانە وەسفی سروشتی ڕەنگینی ڕوسیاو دەربڕینی خۆشەویستیەکی بێ هاوتاو بێ شوماریش دەرهەق بەخاکەکەی دەردەبڕێت.

گۆگۆڵ لەبەشی دووەمی ڕۆمانەکەدا لەسەر هەمان ڕەوتی بەشی یەکەم نەڕۆیشت کەتیایدا ڕەخنەی توندی دەرهەق بەو

ستەمەی کەکۆمەڵگا تیایدا دەناڵێنێت و دەرهەق بەو جیاوازی چینایەتیەی کەبەسەر کۆمەڵگادا سەپا بوو بەڵکو لەسەر ڕێڕەوو بەرجەستەکردنێکی جوداتر بوو،ئەویش ڕێڕەوی ڕەخنەگرتن لەمەڕ بەرەو هەڵدێر بوونی ڕەوشتی کۆمەڵایەتی و هەڵدێر بوونی باری دەروونی تاکەکانی کۆمەڵگای تیا بەرجەستە کربوو،وەهەروەها وەک دەروون ناسێک دەست نیشانی چارەسەرەکانیشی کردبوو کەچۆن مرۆڤ دەتوانێت بارو ڕێڕەوی ڕاستەقینەی خۆی هەڵبژێرێت و ببێت بەمرۆڤێکی کارامە لەنێو کۆمەڵدا .

***

(ماوێتی)

تێبینی:لەدوا بەشدا سەرچاوە دەست نیشان دەکەم.